## هۆی چیه له ژێرناوچه كا نی حكوومەتی كوردستان ، هەولێر نا رەزایەتی جەماوەری نیه؟ ... قادر نادر

ستۆكهۆلم

ئەكەر تا دوێنێ هێزە سیاسیەكانی كوردسانی باشوور لە چیا بوون، خەلك ناوەرۆكیانی ناناسی، ئەوا لە قۆناغی شاردا، قسەوبەرنامەو ناوەرۆك و كردارەكانیان بەڕوونی دیار كەوت، ئەوەی لە ژێر پەردەیە كەوتە سەر زەوی. .

پارتی بەناوەكەی نەك بەرنامەكەی بەدیموكراسی دەست پێ كردووە، ئەگەر لایەنەكان دیكە یەكجار دیموكراسی بن، ئەوا دەبێت ئەو دووجار دیموكراسی بێت. بە لام لەتەمەنی15 ساڵەی دەسەڵاتیدا، ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی، هیچ نموونەنەیەكی دیموكراسی پێشكەش نەكردووین. سادەترین نموونەی دیموكراسی بوونی ئازادانەی خۆپیشاندان، مانكرتن، كاری جەماوەری، شێوازەكانی تری نارەزایەتی خەڵكە، ئەمانە سیمای حكومەت، پارت، سەرۆك جوان دەكەن، پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە، دەسەڵاتی نا دیموكراسی قێزەون و ناشرینە.

سالی 95 كە من مامۆستا بووم، سنووری كارەكەمان كەتبووە ژێر دەسەلاتی پارتی، بەهۆی یەكسان نەبوونی مووچەی مامۆستایانی بادینان و سۆران لە ناوچەكانی دەسەڵاتی پارتی، مامۆستاكانی دەرەوەی شاری هەولێر وەك كۆمەڵكاكانی (تۆبزاوە و كەوركۆسك و خەبات. . . . . . . ) هەڵساین بە ئامادەكردنی یاداشتنامەیەك وكۆكردنەوەی ئیمزای مامۆستایانی ناوچەكــە بۆ زیاد كردنی موچە تا ڕۆژی سێیەم زۆرینەی مامۆستایان ئیمزایان كرد، لەنێوانیان دەیان ئەندامی ما مۆستایانی پارتی تێدابوو.

ناوچەی پارتی، بۆ ڕۆژی سێیەم 3 مامۆستای خستە زیندانەوە، كە مامۆستایان (سەباح یاسین، هەمزە وكاوە) بوون، دوای سووكایەتیەكی زۆرو پەیوەندیكردن بە حزبی شوعی كوردسانەوە ئازاد كران.

ماوەیەكە شارو شارۆچكەكانی سلێمان ی، ڕانیە، كەلار، سەیدسادق. . . . . . . خۆپیشاندان و مانكرتن وخەباتی جەماوەری بەردەوامە، دژ بەكەندەلی ونایەكسانی لە دەزكا حكومیەكان، ئەمەش یەك مانا پیشان دەدات، كە یەكێتی چەندە لە جەماوەر دابڕاوە، ئەكەر نا چۆن دەگاتە ئەو ئاستەی، خەلكی بێ پارتی سیاسی بە خۆرسكانە بێتە مەیدان؟.

ئەكەر لەئەوڕپای ڕۆژئاوا كە لووتكەی دیموكراسییە نارەزایەتی خەڵك لەسەر یەكسان نەبوونی كۆمەل بەرز بێتەوە، دەبێت بپرسیین ئەو هۆكارە چییە تا ئێستا ناوچەكانی ئیدارەی هەولێر، نارەزایەتی بەرزنابێتەوە؟ بێكومان ئەمەش لە نەبوونی دیموكراسی بەولاوە هیچی دی نییە.

پێم وایە هووشیاری خەلكی كوردستان و، بڵاووبوونەوەی دیمكراسیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێكا بە وە نادات لەمە زیاتر پێشێلی دیموكراسیەت بكرێت. بەردەوامی ئەو مامەڵەیەی پارتی لەكەل ئازادییە سیایەكانی خەڵكی كوردستان، وادەكات ڕۆژگارێك نارەزایەتی خەڵك بگاتە ئاستێك زۆر توونددووتیژتربێت لە ڕاپەڕینەكەی خەڵكی شۆڕشگێری كەلار.

rezwankader@hotmail. com